Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.1.9

# ڕۆڵی شاعیرانی باشووری کوردستان لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراقدا.

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Bakir Shakir Abdullah
bakir.abdullah@su.edu.krd

RECEIVED :03 /06/2024
ACCEPTED :07/10/ 2024
PUBLISHED :15/02/ 2025

**بەکر شاکر عەبدوڵڵا** /بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**پوختە**

ئەم باسە کە بە ناوی : ڕۆڵی شاعیرانی باشووری کوردستان لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراقدا یە . هەوڵێکە لەبارەی خستنەڕووی (کاریگەری ئەو شۆڕشە لەسەر خەڵکی کوردستانی عێراق) بەگشتی و دەرخستنی ڕۆڵی ئەو شاعیرانەی بەشدارییان تیایدا کردووە بە تایبەتی ، چ وەک کەسانی شۆڕشگێڕ، یان وەک نووسەر بە نووسینی شیعر لەسەر شۆڕشەکە، لەگەڵ دیاریکردنی ڕۆڵی خەڵکی باشووری کوردستان و ئەو شاعیرو نووسەرانەی تێیدا بەشداربوون، چونکە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ژیانی کورد بەگشتی و لایەنە سیاسییەکەی بە تایبەتی جێهێشت ؛ پێکهاتەی باسەکەش لە پێشەکیەک و دوو بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە، لەبەشی یەکەم کە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت, لەیەکەمدا : باس لە مێژووی سەرهەڵدانی شۆڕشەکەو لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی سیاسی پێش شۆڕشەکەو چۆنیەتی بەکۆتاهێنانی دەسەڵاتی پاشایەتی دەکات ، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییانەی شۆڕشەکەی بەو ئەنجامە گەیاند؛ لە دووەمیش : باس لە ڕۆڵی میللەتی کورد لە چۆنیەتی هەڵگیرسان و بەشداري کردنی دەکات, لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان، پاشان ئەو دەست کەوتانەی بەهۆیەوە پێی گەیشتن ؛ بەشی دووەمیش دوو تەوەرە, لەیەکەمدا باسی شیعر و شوێنی لە بزاڤە سیاسییەکاندا کراوە ، وەک چەمک و پێناسەی شیعرو پێگەی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، لە دووەمیش باس لە ڕۆڵی شاعیرانی کوردو شوێن پەنجەیان لەو شۆڕشەدا دەکات، کە کرۆکی باسەکەیەو تێیدا ناوی ئەو شاعیرانە هێنراون کە هەریەکەی بەچەند شیعرێک بەشدارییان تێدا کردووە, پاشان چەند شاعیرێک تێیدا هەڵبژێردراون و نموونەی شیعریان بۆ هێنراوەتەوەو شیعرەکانیشیان شیکراوەتەوەو و هۆکاری نووسینیشیان ڕوونکراوەتەوە ؛ لەکۆتاییدا بەچەند خاڵێک ئەنجامەکان و ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە خراونەتە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:**
شاعیرانی کورد ،
شۆڕش و ڕاپەڕین ،
١٤ی تەمموز ،
شیعری بەرگری ،
ڕژێمی پاشایەتی .

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ ، کە بە یەکێک لە شۆڕشە نوێیەکانی سەدەی بیستەم دەناسرێت و یەکێکە لەو شۆڕشانەی کە ناوبانگێکی گەورەو کاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوچەکەو بەرژەوەندییەکانی ناوەوەو دەرەوەی عێراق و ولاتە زلهێزەکانی ئەو کات هەبووە ، ڕۆڵی گەورەشی لەسەر گۆرانکارییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بەرچاو دەکەوێت ، ئەم شۆڕشە لە ناوەراستی مانگی تەموزی ١٩٥٨ لە ئەنجامی پلانێکی سەربازی پێشوەخت ئەنجامدراو بووەهۆی هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێک پێشهات و گۆرانکاری لە بەرژەوەندییەکانی جەمسەری ڕۆژئاواو کۆتاییهێنان بەو نفووزو هەیمەنەیەی کە ولاتە سەرمایەدارەکان لەناوچەکەدا هەیانبوو، بۆیە دەبینین زۆربەی چین و توێژەکانی ناو کۆمەلگا بە چەلکی کوردستانیشەوە، بەشدارییەکی کارایان لەم شۆڕشەدا کردووەو هەوڵیان داوە پێشرەوی ئەم گۆرانکارییە بن، بە تایبەتی کەسانی ڕۆشنبیرو خەباتگێرەکانی گەل و نیشتیمان، کە خۆی لە شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیران دەبینییەوە، عەمانەش خۆیان لەناو ریزی حیزب و ڕێکخراوەکاندا حەشاردابوو. بۆیە ئاوردانەوە لە ڕۆڵی ئەم کەسە دڵسۆزو خەمخۆرانەی گەل و نیشتیمان لە دووتوێی باسێکی ئاوەهادا، کارێکی تاک لایەنە نییە ئەگەر نەڵێین : پێویستییەکی سەردەمیانەو ئاوردانەوەیە لەو قوطبانییانەی لە پێناویدا بەخشراون .

سنووروو چوارچێوەی توێژینەوەکە : تەنها باشووری کوردستانەو ئەو شاعیرانەش دەگرێتەوە کە لە باشووری کوردستاندا ژیاون و بەشداری شۆرشەکەیان کردووە، چ بەشێوەی ڕاستەوخۆی کارا لەرێگەی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و ناراستەوخۆش لە ڕێگەی نووسین و شیعرەکانیانەوە .

میتۆدو شێوازی نووسینی توێژینەوەکەش شێوازێکی وەسفییە بۆ ڕووداوەکان و شیکارییە بۆ ئەو شیعرانەی لەم ڕووداوەدا نووسراون، کە مەبەست لێی تەنیا خستنەڕووی ئەو سیعرانەی لەکاتی ڕووداوەکەو لەدوای ڕووداوەکە نووسراون ، ئەویش لەسالانی (١٩٥٨ تا ١٩٩١) دەگرێتەوە .

### 1- : شۆڕشی چواردەی تەمموزی(١٩٥٨) لە عێراقدا :

### 1-1: مێژووی سەرهەڵدانی شۆرشەکە :

شۆرشی چواردەی تەمموزی (١٩٥٨) لە عێراق وەک شۆرشێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی , بە ڕووداوێکی سیاسی گرنگی ئەو ولاتە دادەندرێت, چونکە کۆتایی بەرژێمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨) هێنا, ئەو رژێمەی ماوەی (٣٧) ساڵ فەرمانرەوایەتی عێراقی کرد[محمدشریف, ٢٠٠٧, ٣٣]

چۆنیەتی ئەنجامدانی شۆرشەکەش لەسەرەتادا بەم شێوەیە ناسێندرا بەوەی کە : ((کودێتاکە لە ١٤ی تەمموز ڕوویداو لەلایەن ڕێکخستنی بەغدادا جێبەجێ نەکرا, بەڵکو زیاتر کاری دوو پیاو بوو , ئەوانیش عبدالکریم قاسم و عبدالسلام عارف بوون))[مار, ٢٠١١, ١٣٥-١٣٦] لەگەڵ ئەوەی کە ئەمانە دوو سەرکردەی سوپای عێراق بوون و پلەی سەربازی بەرزیان هەبوو, بەلام : ((ئەوانە خۆیان لە پێگەیەکدا بینی کە دەتوانن کودێتاکە جێبەجێ بکەن و بەمجۆرە هەلەکەیان قوستەوە, وا دیاربوو پەیوەندیەکی نزیکی کارکردن لە نێوانیان لە ئوردن لە (١٩٥٦)دا پەیدابوو, کاتێک (عارف) فەرماندەی بەتالیۆنێک بوو لەژێر سەرکردایەتی قاسمدا, لە گەرانەوەیاندا (قاسم) (عارف)ی هێنایە ناو کۆمیتەی ناوەندی , پلانی کودێتای تەمموز لەبەغدا ڕووینەدا , بەلکو لە (جەلەولا)و لە باکوری ڕۆژهەلاتی بەغدا بوو, هەر ئەودوو پیاوە خۆشیان لەساڵی (١٩٥٨) لە سەربازگەی ئەوێ بوون؛ (عارف) بەپێی فەرمانەکان دەبوایە بەرەو بەغدا مل بنێ , (قاسم)یش کە فەرماندەی لیوای نۆزدە بوو وەکو هێزێکی پاڵپشت لە جەلەولا بمێنێتەوە تا لەحاڵەتی ڕووبەڕووبونەوەی هەر بەرگریەک ئەوکاتە لەسەرخۆ بەرەو بەغدا بکشێت, (عارف) فەرماندەی لیواکەی گرتەدەست وبەرەو بەغدا کشا, لە بەرەبەیانی ڕۆژی (١٤)ی تەمموز ئێستگەی ڕادیۆی داگیرکردوو ئەوێی کرد بەبارەگای خۆی , هەروەها لە جیاتی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان لە ڕادیۆوە یەکەم ڕاگەیاندنی شۆرشی بلاوکردەوەو تیایدا : ئیمپریالیزم و دەستەی حوکمداری تاوانبارکرد , هەروەها کۆمارێکی تازەو کۆتاهێنانی ڕژێمی کۆنی ڕاگەیاند , کە بە کۆشکی (رحاب) (پاشایەتی)و بە نوری سەعید دەناسرا)) [مار,٢٠١١, ١٣٥-١٣٦] ؛ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەسەلاتداری ئەوکاتیش (عارف) هەرخۆی لەوکاتەدا دوو مەفرەزەی بەتالیۆنەکەی ڕەوانەکردن, یەکێکیان بۆ کۆشکی (رحاب) بۆ سەروبەرکردن لەگەڵ مەلیک و جێنشینەکەی وئەوی تر بۆماڵی (نوری سەعید)، جێنشینی مەلیک هیچ بەرگری نەکرد, لە دەوروبەری کاتژمێر(٨)ی بەیانی مەلیک

و جێنشینەکەی وتەواوی خانەوادە کەیان کۆشکیان جێهێشت و لە گۆڕەپانی کۆشکەکە گردبوونەوە, لەوێ ئەفسەرێکی لاو بەپلەی نەقیب(کاپتن) ئاگر بارانی کردن, ئەوانی تریش بەژداریان کردو هەموویان کوژران , ئەو هێزەی رووی کردە ماڵی (نوری سەعید) سەرکەوتنێکی کەمتری بەدەستهێنا, (نوری) هەوڵی هەڵاتنی دابوو, بەڵام لە (١٥)ی تەمموزو لەیەکێک لە شەقامەکانی گەڕەکێکی میللی لە کاتێکدا هەوڵیدەدا لە ماڵی یەکێک لە برادەرەکانی بە پۆشینی عەبایەکی ڕەشی ژنانەوە ڕابکات، ناسرایەوەو هەر لەو شوێنەدا تیرباران کراو کوژرا, لاشەکەی بردرا بۆ وەزارەتی بەرگری وهەر ئەوشەوە بەهێمنی لەگۆڕستانێکدا شاردیانەوە))[مار،٢٠١١, ١٣٦-١٣٧]، بەو شێوەیە کۆتایی بە(٣٧) ساڵەی حوکمی پاشایەتی عێراق هات, بۆیە دەبینین (( لە١٤ی تەمموز ئەو یەکانەی سوپا کە خواستی شۆڕش گێریان هەبوو دارژانە ناو بەغدادو ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق هەرەسی هێناو کۆماری عێراق دامەزرا, عبدالکریم قاسم بووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرکردەی گشتی سوپا)).[لازاریف,٢٠١٠, ٤٤٣]. بەم شێوەیە ئەو رووداوەی لە مانگی تەمموزی ئەو ساڵە روویدا ناویان لێنا : شۆڕشی١٤ی تەمووز. **هۆکارە ناوەخۆیەکانی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە :**

بێگومان هیچ شۆڕش و ڕاپەرینێک بێ هۆکارو بنەما سەرهەڵنادات و نابێتە هۆی تەقینەوەو درووست بوونی گۆرانکاری، بۆیە ئەو شۆڕشە لەئەنجامی بوونی چەندین هۆکاری ناوەخۆیی ودەرەکی هاتە ئاراوە , کە دەکرێت هۆکارەکان بەم شێوەیە بخەینە ڕوو :

**1-1-1: لەڕووی سیاسیەوە :** ئەگەر تەماشای بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی عێراق و ناوچەکە بکەین دەبینین ((عێراق ڕژێمێکی پاشایەتی بەرێوەی دەبرد, کە چینی دەرەبەگ و بۆرژوازی دەستیان بە سەردا گرتبوو, هەروەها ئەم ڕژێمە لەژێر پاشکۆی دەسەڵاتی بەریتانیادا ڕێگەی بە چینی جوتیارو کرێکار نە دەدا بەشداری بەڕێوەبردنی وڵات بکەن))[مەجید, ٢٠١٢, ١٢٣] ئەمەش وایکردبوو کە : ڕەنگدانەوەی لەسەر ناجێگیربوونی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە بەگشتی وناوەخۆی عێراق بەتایبەتی هەبێت ، چونکە چەندین پارت و لایەنی سیاسی دژبە دەسەڵات لەو سەردەمەدا دەرکەوتبوون و ڕۆڵ وپێگەو کاریگەری وجێپەنجەیان لەسەر بارودۆخ ورەوشی ناوچەکەدا هەبوو، چیتر بەرگەی خۆ ڕاگری ومانەوەو ڕازیبوون بە وەزعەکە نەدەکرد، بۆیە بەرپابوونی شۆڕشەکە پێویستییەکی هەنوو کەیی بوو بۆ ئەوکات .

**2-1-1 : لەڕووی ئابووریەوە :**هەر وەکو لە شێوازی کارگێری و بەرێوەبردنی وڵاتدا دەردەکەوت کە ((عێراق پاشکۆی وڵاتانی داگیرکەر بوو, کەمینەیەک دەستیان بەسەر ئابووریدا گرتبوو, کە ڕێگر بوون لە پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازی وکشتوکاڵ و لایەنەکانی دیکەی ئابووری)) [مەجید , ٢٠١٢ ,١٢٣] لەوڵاتدا، ئەمەش وایکردبوو زۆربەی توێژو چینەکانی ناوکۆمەڵگا بێبەش بن لە بەدەستهێنانی بژێوییەکانی ژیان ودەستەبەرکردنی دوارۆژێکی چاوەروان کراو بۆ خۆیان و نەوەکانیان .

**3-1-1 : لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە :** بەسەیرکردنی ژیانی کۆمەڵگای عێراقی بەگشتی و کۆمەڵگای کوردەواری بەتایبەتی ، لەڕووی پێکهاتەی خێزان و دابەشبوونی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاو ئاوڕدانە لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای میللەتانی ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی بەگشتی دەبینین: ((کۆمەڵگای عێراقی دا بەشی سەر چینی دەرەبەگ و بۆرژوازی و چینی زەحمەتکێشی جوتیار وکرێکار ببوو, کەمی پزیشک و نەخۆشخانەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ونەخوێندەواری ودابەزینی ئاستی بژێوی دانیشتوانی زەحمەت کێش هۆکارێک بوو بۆ گەشەنەکردنی دانیشتوان))[مەجید, ٢٠١٢ ,١٢٤], ئەمە جگە لەوەی کە ((بێزاری خەڵک لەدەسەڵاتی تاکڕەوی وعوکمرانی پاشایەتی ودروستبوونی جیاوازی چینایەتی وبڵاوبوونەوەی نادادپەروەری وکۆمەڵایەتی)[محمد شەریف ،٢٠٠٧, ٣٣] هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگای عێراقی هەست بە دڵەڕاکێ وبێ ئومێدی و نائارامی لە دوارۆژی خۆیدا بکات و چاوی لە ڕۆژگارێکی نوێ بێت بۆ نەمانی ئەو جیاوازییانەو هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرو یەکسان .

**4-1-1: لەڕووی نەتەوەییەوە :** بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەماو بنچینەی چەندین میللەتی جیاوازو خاوەن ئاینزاو نەتەوەی جیاواز درووست بووە ، ڕژێمەکانی عێراقیش هەر لە سەرەتای درووستبوونیەوە ، هەر چارەو بەپێی بارودۆخ و پێشهاتی جیاواز دەبینین ((جیاوازی کردن لەنێوان نەتەوەکانی عێراق و

پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکاندا , بۆ نموونە ئەو سیاسەتە سەرکوت کاری و دژە نەتەوەییەی بەرامبەر بە کورد وەک دووەم گەورە نەتەوەی عێراق پیادە دەکرا)) حمدشەریف ٢٠٠٧, ٣٣] . لەلایەن زۆربەی ئەو چین و توێژانەی ناو کۆمەڵگای عێراقی هەستی پێ دەکرا ، ئەمەش رۆژانە زیاتر بۆ پەردەپۆشکردن وشاردنەوەی ئەو حوکمرانیە چەوتییەی دەسەڵاتی پاشایەتی ئەوکات بوو ، بۆ چەواشەکردنی رای گشتی ناوەخۆییەکەو درێژەدان بە حوکم رانییەکەیان بەوەی کە ئەو میللەت و چین و توێژانە چاویان بە دەستکەوتەکانی ئەوان هەڵنایەت.

**1-1-2: هۆکارە دەرەکییەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکە :**

ڕووداوەکانی ناوەوەی عێراق ودەوروبەری عێراق , هەمیشە کاریگەرییان لەسەر جوڵاندنی هەستی سیاسی عێراقیەکان و دژایەتی کردنی ڕژێمی فەرمانڕەوایی لەو ولاتەدا هەبوو, ڕووداوەکانیش وەک : ((هەوڵەکانی خۆماڵیکردنی نەوت لە ئێران (١٩٥١-١٩٥٣) و شۆڕشی گەلی میسر دژ بە ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی (١٩٥٢)و هێرشە سێ قۆڵیەکەی فەرەنساو بەریتانیاو ئیسرائیل بۆسەر ئەو ولاتە لە ساڵی (١٩٥٦) دا)) [محمدشەریف،٢٠٠٧, ٣٣]،هەروەها ((گەشەکردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی و... دامەزراندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی نێوان میسروسوریاو یەکێتی عەرەبی هاشمی نێوان عێراق و ئوردن ... هەروەها هاوپەیمانی بەغداو جەنگی ساردو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ولاتانی جیهانی سێیەم ونزیکبوونەوەی ولاتانی عەرەبی لە ولاتانی سۆشیالیستی)) [مەجید, ٢٠١٢، ١٢٤] ئەمە جگە لەوەی کە بارودۆخی ناوخۆش لەبار بوون بۆ ئەم شۆڕشە .

**1-1-3: ئامانجەکانی شۆڕشەکە:-**

أ : ڕووخاندنی رژێمی پاشایەتی [صالح , ٢٠٠٨, ٥٢] ونەماتی حوکمی تاکرەوی بنەماڵەو چینێکی دیاریکراو ، کە مەبەست لێی کۆتایی هاتنی حوکمی بنەماڵەی هاشمییەکانە .

ب : ((پێکهێنانی سیستەمی کۆماری ...، دەرچوون لە پەیمانی یەکێتی هاشمی لەگەڵ ئوردن ، کە تەنها پەیوەست بوو بە بەرژەوەندی بنەماڵەی پادشایەتی و ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا، نەهێشتنی سیاسەتی هاوپەیمانان و دەرچوون لە پەیمانی بەغداو پەیرەوکردنی سیاسەتی دوورەپەرێزی و هەڵبژاردنی سیاسەتی بێلایەنی پۆزەتیڤانە , هەروەها کارکردن بەپێی بڕیارەکانی (کۆنگرەی باندۆنگ)و پاکتاو کردنی سەرجەم بنکە سەربازیەکانی بەریتانیا لە (شعێبەو حەبانیە)و نەهێشتنی سەرجەم ڕێکەوتنامە سیاسی وسەربازییەکانی عێراق لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا))[الحمداني, ٢٠١٢, ٥٤ ].

ج : ((ئیعترافکردن بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە عێراق)) دا[لازاریف, ٢٠١٠, ٤٥٥] .

د:((نەهێشتنی سیستێمی دەرەبەگایەتی وبەشەرعیکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ورزگارکردنی جوتیاران لەستەمکاری و قۆرخکردنی دەرەبەگایەتی ونەهێشتنی یاسای عەشیرەتگەرایی وهێنانەکایەی گۆڕانکارییەکی فراوان وقووڵ لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگای عێراقی, بەستنی پەیوەندی سیاسی وئابووری ورۆشنبیری لەگەڵ هەموو دەوڵەتاندا ، کارکردن لەپێناو دابینکردنی مافی گشتی گەلی عێراق لەڕووی سەروەت وسامانی نەوتی وکارکردن لەپێناو بوژانەوەی میللەت ودەرچوون لەژێر دوا کەوتوویی کە لەهەموو بوارەکانی کۆمەلایەتی وتەندروستی ورۆشەنبیری دەرکەوتوو بوو, سەرەڕای بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی گەل))[الحمداني,٢٠١٢, ٥٥] کە ئەمانە کۆمەڵێک ئامانجی گرنگ بوون بۆ تەواوی گەلی عێراق, بەهەموو پێکهاتەو نەتەوە جیاوازەکانەوە .

**1-2 : ڕۆڵی کورد لە هەڵگیرسان و بەشداریکردنی شۆڕشەکەدا :**

**1-2-1 : هۆی بەشداریکردنی کورد :**

بەشداریکردنی میللەتی کورد لەم شۆڕشەدا بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە :

**1-2-1-1:** ((ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرست وجیا خوازییەی ڕژێمی پاشایەتی لەهەمبەر کورد وەگەری خستبوو, کە بە سیاسەت وپرنسیپی ئاگرو ئاسن وەلامی داواو مافی کوردی دەدایەوە, لە نێویاندا چەوسانەوەی نەتەوەیی, ئاینی و چینایەتی ڕەنگی دەدایەوە, پیادەکردنی ئەم سیاسەتە ناتەندرووستە بەرامبەر پرسی کورد لەعێراقدا ببوە هۆی ئەوەی کە عێراق بەردەوام کێشە سیاسییە نێوخۆییەکانی لە تەشەنەکردندا بێت))[حمە شریف , ٢٠١٢, ٢٠] و هەردەم ئۆقرەیی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینێت .

**1-2-1-2**: ((حوکمی (٣٧) ساڵەی ڕژێمی پاشایەتی لەعێراق بۆ کوردستان ، جگە لە نەهامەتی و ماڵ وێرانی وهەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووریەکەی, هەرلە ڕۆژانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بە ناو چەیەکی فەرامۆشکراو ماوەتەوە لەرووی سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری))[حمە شریف , ٢٠١٢, ٢٠] چونکە هەر لەسەرەتای درووسبوونیەوە، بەشێوازێکی نا تەندرووست و نەگونجاو بەیەک لکێندراون .

**1-2-1-3** : ((دەسەڵاتی یاسای کۆنەپەرستی ودەرەبەگ کارێکی وەهای کردبوو کە کرێکارو ڕەنجدەر بیر لە ڕزگاری خۆیان بکەنەوە ... زیندانەکان پڕ کرابوون لە ئازادیخوازانی کوردو عەرەب , بۆ چارە کرنی ئەو زۆرداریە (پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی ئیستیقلال) لە هەموو لایەکەوە کەوتبوونە تێکۆشانی نهێنی بۆ ڕوخاندنی حکومەتی (نووری سەعید)))[وەهبی , ٢٠١٢, ١٨٣] و نەهێشتنی هەموو ئەو پابەندییانەی بە سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ڕژێمەوە بەندبوو لەگەڵ نەمانی هەموو ئەو بنەمایانەی کە سیایەتە تۆقێنەرەکەی لەسەری درووست بوو بوون .

## 2-2-1 : ئەو لایەنانەی ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی شۆڕشەکەدا هەبوو :

بێگومان هەموو شۆڕش و سەرهەڵدانێک کە لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا دێتە کایەوە ، هەر لە دەستپێکیدا تا کۆتایی و بۆ بەدەستهێنان وگەیشتن بە ئامانجەکانی، دەبینین لەسەرەتادا لە ئەنجامی کۆمەڵە بیروبۆچوونێکی هزری وروناکبیری سەرهەڵدەدات وسەرەتا روناکبیرو رۆشەنبیرانی ناوکۆمەڵگا دایدەگیرسێنن وپاشان تاکەکانی ناوکۆمەڵگا هەریەکەو بەپێی شێوازی بەشداربوونیان بەشداری ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆی تێدا دەکەن، بەڵام هەر لایەنەو بەجیا ڕۆڵی خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئینجا چ بەشێوەی تاکلایەنەو چ بەشێوەی هەرەوەزی بێت، هەروەک دەبینین ئەو ڕۆڵ وبەشدارییەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر، یان لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر جیاواز دەبێت ، لێرەدا بە پێویستی دەزانین : تەنها ڕۆڵی ئەو لایەنانە بەرچاو بخەین کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پێشرەوی ڕووداوەکان و ڕێرەوی ڕووداوەکاندا هەبووەو جێپەنجەیان لە گۆڕانکارییەکاندا دیارە ، بۆ نموونە :

**1-2-2-1 : پارتی دیموکراتی کوردستان** : ئەم شۆڕشە ((لە ڕووی سیاسییەوە تەکانێکیدا بەپارت کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسیەکان, زەمینەیەکی وای بۆ فەراهەم کردن , کە بە ئازادی کارو چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن و بەگرو تینێکی نوێ بکەونە خەبات, ئەم شۆڕشە نیشتیمانی ودیموکراسیە ئاسۆیەکی فراوانی کردەوە بۆ گەلی عێراق بە کوردو عەرەبەوە بۆ ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالیزم و بەدیهێنانی چارەسەرێکی کۆمەلایەتی لەپێناو بەرژەوەندی جەماوەری گەلدا پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵپشتی لەو ڕاپەرینە چەکداریەی کردو هاوبەشی کرد لەگەڵ پارت وهێزە نیشتیمانیەکانی دیکە))دا [حمە شریف, ٢٠١٢، ٢٢-٢٣] هەروەک دەبینین ((لە ١٦ی تەمموز لیژنەی ناوەندی پارتی بە فەرمی لە بەیان نامەیەکدا هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند کە بەهەموو توانایەکی خۆی بۆپاراستن و گەشەسەندنی کۆمار تێ دەکۆشێت وهەموو ئەندام ولایەنگرانی کۆماری عێراق دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کلکەکانی دەجەنگێت)) [خۆشناو، ٢٠١٢, ١١١] ئەمەش بۆ ئەوکات گروتینێکی گەرم وراستەوخۆ بوو بۆ ئەندامانی ئەو حیزبەو خەڵکی کوردستان (کە زۆرینەی ئەوکاتی ئەندامانی ئەو حیزبە ، لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق پێکدەهێنا)، تاکو ڕاستەوخۆ دەستبکەن بەخەباتی مەدەنی ئاشکراو هاندانی گەڵ بۆ بەشداری کردن لە گۆڕانکارییەکان .

**1-2-2-2 : حیزبی شیوعی عێراق** : جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ((حیزبی شیوعی خۆی بە خاوەنی شۆڕشەکە دەزانی و لایەنێکی سەرەکی بەرەی یەکگرتووی نیشتیمانی بوو , ڕێکخستنەکانی لە کوردستان وتەواوی عێراق چالاک بوو , تەنانەت دووڕۆژ بەر لە شۆڕش بەیان نامەیەکیان بە نهێنی بڵاوکردبۆوەو پێشهاتی شۆڕشیان ئاشکرا کردبوو, بەیاننامەکە کەوتبووە دەست لیژنەی ناوچەی حیزب لە هەولێر بڵاوکرابۆوە , بروسکەیان ئاراستەی ئەنجومەنی سەروەری شۆڕش و سەرۆک وەزیران کردو ڕایانگەیاندبوو کە هەموو هێزی خۆیان دەخەنە ژێردەستی شۆڕش و لە پێناو بەرگری وداکۆکیکردن لەکۆماری تازەپێگەیشتوودا دەجەنگن))[خۆشناو،٢٠١٢، ١١١]، لێرەدا هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرامبەر بە شۆڕش وسەرکردایتی شۆڕش دەردەکەوێت بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلانی عێراق ونەمانی ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە بەرامبەریان دەکرا .

**1-2-2-3 : کەمە نەتەوایەتیەکان لەعێراقدا :** جگە لە پارتە سیاسییەکان ((زۆرینەی ڕەهای گەلی عێراق بە عەرەب وکوردەوە پشتگیری ئەم شۆڕشەیان کرد, هەروەها نوێنەرانی کەمە نەتەوایەتیەکانی تریش لە ئاشوریەکان وئەرمەن وتورکمان بە پەرۆشەوە پشتگیرییان لە سەرکەوتنی شۆڕشەکە دەکرد, چونکە پێیان وابوو ئەم شۆڕشە لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی گەلی عێراق دەکاتەوە، کەمە نەتەوایەتیەکانیش چالاکانە بەشدارییان کرد لە ڕێکخستنی بەرگری لە کۆمارە تازە پێگەیشتوەکە))[ لازاریف, ٢٠١٠, ٤٤٤] ، لەپاڵ کوردو عەرەب کەمە نەتەوایەتیەکانیش پشتگیرییان لە شۆڕشە کرد, چونکە پێیان وابوو لەسایەی ئەم شۆڕشە بەمافەکانی خۆیان دەگەن.

**1-2-2-4 : چین و توێژە جیاوازەکانی شاری سلێمانی:** جگە لە پارتە سیاسییەکان ((سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی شاری سلێمانی بەوپەڕی خۆشییەوە پێشوازی شۆڕشیان کردو خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، لەم خۆپیشاندانەدا فشاریان خستەسەر یەکە سەربازیەکانی(سوپا، پۆلیس)ی شار تاوەکو لایەنگری خۆیان بۆ شۆڕش دەربڕن, دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش هەریەکە لە شێخ سەلام و عبدالله گۆرانی شاعیرو شاکر فەتاح ومەعروف خەزنەداری نووسەرو محەرەم محەمەدئەمینی چیرۆکنوس و ئەحمەد زرنگی ڕۆژنامەنووس وعبدالقادر دیلانی هونەرمەند بەناوی نوسەران و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانییەوە, بروسکەی پیرۆزبایان ئاراستەی قاسم کرد, لەلایەکی دیکەشەوە کاسبکارانی شاریش بەجیا بروسکەی پیرۆزبای و پشتگیریان بۆ قاسم نارد, هەروەها پارێزەرانیش پیرۆزبایی خۆیان نارد)) [مەجید ، ٢٠١٢, ١٢٦]

**1-2-2-5 : ئەفسەرو سەربازە کوردەکانی شاری بەغدا :** سەبارەت بەرۆڵ و ئەرکی ئەفسەرو سەربازانی کورد لەم شۆڕشە , ((لیژنەی باڵاو تایبەتی خودی عبدالکریم قاسم بەهۆی متمانە بوونی بە ئەفسەرە کوردەکان، چەندین ئەرکی سەرەکیان دەخاتە ئەستۆ لەوانەش عەقید (فەتاح سەعید شالی) ئەرکی کۆنترۆڵ کردنی ڕێگای گشتی (بەغدا-رومادی) و (بەغدا-حلە) دەخرێتە ئەستۆی وپاراستنی پردی (فەلوجە)، (عەلی شەریف) لەگەڵ (عبدوللەتیف دەراجی) ئەرکی کۆنترۆڵکردنی وەزارەتی بەرگری و بەڕێوبەرایەتی گشتی موتەسەرفیەی بەغدایان بۆ دیاری دەکرێت، (نەقیب مستەفا عبدالله) ئەرکی دابینکردنی پێداویستی یەکانی چەک دەگرێتە ئەستۆ شان بەشانی ئەو هێزە بێت کە ئەرکی گرتنی (قصر الرحاب)ە , هەروەها جگە لە ئەفسەرە پلەدارەکان هەندێ لەو سەربازە کوردانەش بەشدار بوون و ڕۆڵێکی بەرفراوانیان گێڕا لەکاتی هێرشکردنە سەر قەسری(رحاب) بۆ ئەوەی (شا فەیسەڵی دووەم و وەسی عەبدولئیلا) نەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن, لەوانەش(عەریف مەولود محەمەد رەئیس عورەفا ئەحمەد کۆیی)))[قادر,٢٠٠٤, ١٥٤]. [مەجید ،٢٠١٢, ١٢٥]. کە ئەوانە جێپەنجەیان لە جێ بەجێ کردنی کارەکانیاندا دیارو بەرچاوە .

**1-2-3 : دەسکەوتی ئەنجامی بەشداریکردنی کورد لەو شۆڕشەدا :**

لەدوای بڵاوکردنەوەی دەستوری کاتی (( بۆیەکەم جار لە ماددەی سێیەم کوردی بە هاوبەشی عەرەب دانا کە هاتووە : (پێکهاتەی عێراقی لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان هاوڵاتیان دامەزراوە , ڕێز لەمافەکانیان دەگیرێت وپارێزگاری ئازادییەکانیان دەکرێت, کوردو عەرەب هاوبەشن لەم نیشتیمانەدا, ئەو دەستوورە مافە نەتەوایەتیەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق دەستەبەر دەکات) ))[خۆشناو، ٢٠١٢ , ١١٧], هەروەها ((یەکێک لەدەسکەوتە بایەخدارەکانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨, بەخشین و لێبوردن بوو بۆ گەڕانەوەی بارزانی ویاوەرانی, کە لە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان بۆ یەکێتی سۆڤییەت پەنایان بردبوو))[خۆشناو،٢٠١٢, ١٢٧], هەروەها ((فەرمانگەیەک کرایەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان کەسەر بە وەزارەتی مەعاریف بوو, تێروانینیان کرد لەوەی کە خوێندنیش بەزمانی کوردی بخرێتەناو قوتابخانەو خوێندنگاکانی ناوچە کانی کورد , ... دەبێت خوێندنی مێژووی کوردو ئەدەبی کوردی و خوێندن بەزمانی کوردی بچێتە ناو زانکۆو خوێندنگاکانی عێراقیشەوە))[ لازاریف , ٢٠١٠, ٤٤٥]

**2 : ڕۆڵی شاعیرانی باشووری کوردستان لە شۆڕشەکەدا :**

## 1-2 : شیعرو شوێنی لە بزاڤە سیاسییەکاندا :

### 1-1-2 : چەمک و پێناسەی شیعر :

دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی گونجاو بۆ شیعر, کارێکی وا ئاسان نییە, چونکە: رەخنەگرانی شیعرو ئەدەبناسان هەر یەکەی لەدیدو بۆچوون وروانگەی خۆیەوە سەیری شیعری کردووەو پێناسەی بۆ شیعری کردووە , کە لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێک لەو پێناسانە بخەینەڕوو ، تاکو پێناسەیەکی لەبارو گونجاومان بۆ شیعر دەستکەوێت .

بۆ نموونە : مامۆستا حەسیب قەرەداغی لەپەڕاوی دیداری شیعری کلاسیکیدا , دەڵێت : ((شیعر، هونەرێکە لە هونەرەکان, هۆی مانەوەی و کۆڵەکەی بنیاتی بریتییە لەبەهرە کە توانایەکی زگماکییە, بەڵام ئەم مەوهیبەیە پێویستی بە مەستەلاندنەو بەزمان زانین و لەبەرکردنی شیعرو پلە دانە بەرادەی زانیاری و ئاگاداری لە ڕێبازەکانی, ئەمە جگە لە ئاگاداربوون وزانینی (تناسق)ی شیعری, کە بریتییە لەبابەت وکێش وسەرواو (تناغم) وکاریگەرییەتی و وێنەیی)) [بێدار,٢٠١٣, ٢١], د. شوکریە ڕەسولیش لە پێناسەی شیعر دەڵێت : ((شیعر بەرهەمی مرۆڤێکی بەهرەداری بە ئەندێشەیە , کە بە تریەو ئاوازو تاقیکردنەوەکانی خۆی وەکو مرۆڤێکی ئەندامە ناو کۆمەڵگەیەک لە دوو توێی چەند وشەو ڕستەیەکی پڕ واتاو خەیاڵێکی فراواندا تۆمار ئەکات))[رسول ,١٩٨٩, ٢٥] کە مەبەستی ڕووی دەرەوەی بابەتەکەیە ؛ ستیوار میلیش دەڵێت : ((شیعر دەربڕینێکی سۆزە)) [بێدار,٢٠١٣, ل:١٨] واتا وەک دەربڕینێکی هەست وسۆزو خۆشەویستیە, هەروەها ڕەخنەگری ئینگلیزی شارک باتۆش هەر لەبارەی شیعرەوە دەڵێت: ((شیعر لاسایی کردنەوەی سروشتی جوانە))[بێدار,٢٠١٣, ١٨] لەگەڵ ئەوەشدا(وۆردز وۆرث) کە شاعیرێکی ئینگلیزە پێیوایە: ((شیعر هەڵچوونێکی خۆیی سۆزە بە هێزەکانە)) [رسول ,١٩٨٩, ٢٥], کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت : شیعر دەربڕینێکی هەست وسۆزەو بەزمانێکی پاراوورێک لەرێگەی کۆمەڵە وشەو ڕستەیەکەوە دەردەبڕدرێت و بە هۆیەوە مرۆڤ هەوڵدەدات ئەو هەست وسۆزە پەنگخواردووەی ناو دڵ و دەروونی بەرامبەر ئەو وێنەو ڕووداوانەی دەیانبینێت ، یان بەشدارییان تێدا دەکات دەربڕێت .

### 2-1-2 : پێگەی شیعر لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا :

لای هەموومان ئاشکرایە کە تایبەتمەندێتی شیعری زیندوو ئەوەیە کە ((گوزارشت لە کاتی لەدایکبوونی و هەڵگری سیماو تایبەتییتی قۆناغی نووسینی دەقەکە بکات، بۆیە ساتەوەختی پەژارەو ژەنگی سیاسیی کاتی جەنگی دووەمی جیهانی و خەباتی سیاسی و خۆپیشان دانەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە عێراق و لە کوردستان بە تایبەتی بە ڕادەیەکی زۆر جێگەو شوێنەواریان بەسەر گۆڕانکارییەکانی شیعری کوردی لە قۆناغەکەدا بەجێهێشت [محمد، ٢٠١٧، ١٠٩-١١٠]، بەتایبەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە شیعری کوردی ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی سیاسی گەلی کورد بووە ،عیرانیش وەک توێژێکی ڕۆشنبیرو هۆشیار پتر لەکەسانی ئاسایی هەستیان بە کێشەو گرفتی ڕۆژگارو سەردەمە کەیان کردووەو خەمباربوون، ئەم خەمانەش لەشیعریاندا ڕەنگی داوەتەوە ((دیارترین سیمای شیعری چەرخی کوردی تێکەڵاو بوونیەتی لەگەڵ خەمی مرۆڤی کورددا ، دیارترین شەقڵی مرۆڤی کوردیش لەسەدەی بیستەمدا خەمە سیاسییەکەیەتی[ محمد، ٢٠٠٠، ٢٥]، بۆیە ئاوڕدانەوە لە بابەتەکانی شیعری کوردی ودیاریکردنی بنەماکانی , بەتایبەتی ئەگەر شیعرەکە سیاسی ونەتەوایەتی بێت ، هەروا کارێکی ئاسایی نییە، چونکە پێویست دەکات بپەرژێینەسەر بنج وبنەوانی ئەو میللەتەی کە شیعرەکەی لە پێناودا دەنووسرێت, لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ناساندنی شیعری سیاسی لەئەدەبی کوردی دەکرێت بڵێین: ((بریتییە لەو شیعرانەی کە لایەنی ڕوخساری و هونەرەوەری و داهێنانی شیعریان لە ئامێز گرتووەو لە واتاو ناوەڕۆکیشدا بابەتی سیاسی ودەسەڵاتی حکومڕانی لەخۆ دەگرێت)) [ئاگرین , ١٩٩٦, ١٥-١٦]، بەڵام لەبەرئەوەی کورد تائێستا قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی بۆخۆی دابین نەکردووە, کەواتە شیعرە سیاسیەکەشی ڕەنگ دانەوەی ئەو واقیعە تاڵەیەو هانی ڕۆڵەکانی دەدا کەوا کۆشش وخەبات بکەن لەپێناو دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆ خۆیان، شیعریش چونکە: ((بنەماکەی زمانەو پەیامێکی کۆمەڵایەتی پیرۆزی هەیە، کەرەسەیەکی گرینگیشە بۆ ئاراستەکردنی بۆچوونەکان، هەروەها ئامرازێکە بۆچاککردنی باری ژیانی کۆمەڵ ودەبێتە کەرەسەیەکیش بۆهۆشیار کردنەوەی کەسەکان لەکردارە نالەبارەکاندا ))[کاروانی, ٢٠٠٤، ٨٩] ئەمە جگە لەوەی کە ((شیعری سیاسی گەورەترین کەرەسەیە لەهەستی نیشتیمانی وخۆشەویستی مرۆڤ بەرامبەر بەخاک ونیشتیمان سەر هەڵدەدات))[رسول، ١٩٨٩، ٨٧]، بۆیە دەبینین

لەدوای جەنگی دووەمی جیهان ئاراستەیەکی نوێ لە شیعری کوردی دێتەپێشەوەو گۆڕان کارییەکی گەورە لەناوەڕۆکی شیعری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، چونکە: ((لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەوەی بابەتی سەرەکی لەناوەڕۆکی دەقە شیعریەکان مەبەستی ڕامیاری بووە، ئەوا زمانی شیعریش لەچوارچێوەی هەمان مەبەست دەسوڕایەوە، سۆزی شاعیران لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا، واتە لەماوەی نێوان سالانی(١٩٥٨-١٩٦١)ز هەڵگری سیمای خۆشی وشادی بووە بەرامبەر بە شۆڕش و ئومێدی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد بووە, هەر بۆیەش ئەو وشە شیعرییانەی لەم ماوەیەدا دەقی شیعریان پێ دەنوسرا شادی وگەشبینی وئومێدی تێدا دەبینرا))[محمد ,٢٠١٧, ١٢٢] ئەمەش بەومانای کە: شیعر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووەو شوێنی خۆی لای ڕۆشنبیران و نووسەراندا گرتووەو شاعیران توانیویانە بەهۆیەوە مەبەست ومەرامی ناو دڵی خۆیانی پێ بپێکن .

## 2-2 : شوێنی شاعیرانی باشووری کوردستان لەو شۆڕشەدا :

بەهۆی ئەوەی کە گەلی کورد لەلایەن ئەو ڕژێمانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە ، تووشی چەندین کارەساتی قڕکردن وهەڵمەتی لەناوبردن بوونەتەوە، لەلایەکی تر کەوتنەژێر هەژموونی گەلانی ڕاپەریوی ئەورووپاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەدژی دەسەلاتە شۆفینییەکان وایکرد کە شاعیرانی کوردیش بێبەش نەبن لەم کارتێکردن وکاریگەرییە ؛ بێگومان میللەتێکیش کە هەرەشەی نەمان و لەناو چوونی لەسەر بێت، مافی خۆیەتی پەنا بۆ هەموو جۆرە کەرەستەیەک و شێوازێکی بەرگری ببات .

پاش گەڕان و بەدواداچوون و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ناو دیوانی شیعری زۆربەی شاعیرانی کوردی سەردەمی شۆڕشەکەو ساتە وەختی دوای ئەو شۆڕشەش, دەبینین گەلێک لە شاعیرانی کورد ئەم شۆڕشەو یادەوەرییەکانی بەچڕی بەسەر کردووەتەوە ، بەڵام کاتێک باس لە ڕووداوێکی سیاسی دەکەن و دەیکەنە بنەماو ناوەڕۆکێک بۆ بابەتی شیعریی، ناچار دەبن باس لەدەسەلات و شێوازی ئەو حوکمدارییە بکەن کە وڵاتی پێدا تێدەپەڕێت، چ بەلایەنی خراپی بێت، یان لایەنی باشی, بۆ ئەمەش لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند شاعیرێک هەڵبژێرین ئەوانەی شیعرەکانیان بووەتە بنەما بۆ سەلماندنی ناوەڕۆکی ئەو باسەمان، بەتایبەتی ئەوانەی ڕاستەوخۆ وەک شۆڕشگێرێک بەشدارییان تێدا کردووە ، یان چ وەک یادکردنەوەو بەسەرکردنەوەیەک لەساڵانی پاشتردا ئاماژەیان بۆ کردووە ، ئەمانەی خوارەوەش نموونەی هەندێ لەو شاعیرانەن کە ڕۆڵی دیارو بەرچاویان لە جۆش وخرۆشدانی ئەم شۆڕشەدا هەبووە، یان وەک یاد کردنەوەیەک بۆ هێشتنەوەی ڕووداوەکە لەهزروبیری تاکی کورددا هەتا ئەگەر بەپارچە شیعرێک، یان چەند دێرێکیش بێت ، نموونە : (مەلا محەممەدی چروستانی١٨٩٠-١٩٦٣ ، شێخ سەلام١٨٩٢-١٩٥٧ ، شێخ نوری شێخ سالح ١٨٩٦-١٩٥٨ ، عارف عورفی ١٨٩٦-١٩٦١، ڕەفیق حیلمی١٨٩٨-١٩٦٠، ڕەمزی مەلا مارف١٩٠٢-١٩٧٦ ، گۆران ١٩٠٤-١٩٦٢ ، ئەخۆل١٩١١-١٩٨٨ ، ئەبوبەکر هەوری ١٩١٢-١٩٧٩، عوسمان عەونی١٩١٤-١٩٩٢، ئەحمەد دلزار١٩٢٠-٢٠٢٢، ع ح ب (محەمەد حوسێن بەرزنجی١٩٢٣-٢٠٠٠ ، محەممەد سالح دیلان ١٩٢٧-١٩٩٠ ، سالح هەژار١٩٢٧-١٩٨٣، کاکەی فەللاح ١٩٢٨-١٩٩٠، عەلی فەتاح دزەیی ١٩٢٨-١٩٩٢، کەریم شارەزا ١٩٢٨-٢٠١٥، کامەران موکری١٩٢٩-١٩٨٦، حەسیب قەرەداخی١٩٢٩-١٩٩٧، مەسعود بێبەش١٩٣٢-١٩٩٨، مەدحەت بێخەو١٩٣٤-؟ ، لێرەدا هەوڵدەدەین ناوەڕۆکی هەندێ لە شیعری ئەو شاعیرانە بەسەر بکەینەوە کە ڕۆڵی بەرچاویان لە هوشیار کردنەوەی خەڵک هەبووە بۆ کۆتاییهێنان بەو زوڵم وستەم و زۆرداریی‌یەی لەسەر دەستی تاقمی ڕژێمی پاشایەتی چێشتوویانەو هەوڵی ڕزگاربوونیان لەدەستی ئەو ڕژێمە دەدا ، بۆ نموونە شاعیرانی وەک

### 2-2-1: شێخ نوری شێخ سالح (١٨٩٦-١٩٥٨) :

شێخ نوری شاعیر وەک زۆربەی شاعیرانی کورد هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشەکەو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی لەناو خەڵکدا، دڵی زۆرپێخۆش بووەو هەوڵیداوە ئەوهەستە پەنگخواردووەی کە چەندین ساڵە لەناخیدا قەتیس مابوو , بەم شێوەیە بیخاتە ڕوو، وەک دەڵێت :

چواردەی تەمموزو ڕۆژانی کەس نەی ئەوێرا ببینی بەخەو
دوای ئەو لەگەڵ هاواری بێدەنگ تێکەلاو
هەناسەی ساردو هەنسکی

گیراو

تا دەگاتە ئەوەی بڵێت :

بەبیری کێدا ڕائەبورد یاران تەلار ببێتە گۆڕو گۆڕستان
بەبیری کێدا ڕائەبوورد دوێنێ وا شەعب لەخەو زوو ڕاپەڕێنێ

لەکۆتاییشدا دەڵێت :

ڕۆژی ئازادی عەرەب و کوردان جمهووریەتی تیا کرا ئیعلان

[عەبدولواحید ,٢٠٠٨، ٤٨٥-٤٨٦]

لێرەدا شاعیر ئاماژە بەو نەهامەتی وساتە ناخۆشانە دەکات کە بەر لە شۆڕش خەڵک تێیدا دەژیا , هەروەها ئەو خۆشیانەش باس دەکات کە لەدوای شۆڕش بەدی هات , چونکە پێش شورشەکە کەس نەی دەوێرا بەخەویش ئەو ئازادییە ببینێ کە بەهۆی شۆڕشەکەوە بەدەستهاتووە .
هەر بەبۆنەی هەمان شۆڕشەوە شاعیر لە شیعرێکی تردا کە لەرۆژی (١٩٥٨/٨/٨) بۆ ئەم ڕووداوەی نووسیوە ، تیایدا وەک مێژوونووسێکی چاوساخ ئەو ڕۆژە زیندوو دەکاتەوە کە چۆن سوپا هێرشی بردووەتەسەر رژێم وکۆتایی بەو ڕۆژگارە ناخۆش و سەختانە هێناوە کە گەلی عێراق وکوردستانی تێدا دەژیا ، شاعیر بە شێوازێکی ئەدەبی باس لەڕووداوی کوودیتا سوپاییەکە دەکاو وای دەبینێت کە ((بەراستی ئەم شۆڕشە دەبوو میللەت بیکا، بەڵام کە بۆی نەکرا بێگومان پشتگیری لەسوپا کرد، ئەگەر ئەو پشتگیرییە نەبوایە کوودیتاکە سەری نەدەگرت))[خەزنەدار, ٢٠٠٦، ٣٨٨] وەک دەڵێت :

ئیمرۆ کە چواردەیە لە تەمموز جەیشی بێ ئەمان ئازانە هاتە کایەوە وەک کێوی پڕ لە گیان [عەبدولواحید ,٢٠٠٨، ٤٨٨]

شاعیر زۆر بە ڕوون وئاشکرایی باس لەرۆژانی سەخت وبارودۆخی پێش شۆڕش ودوای شۆڕشیش دەکات , کە چۆن خەڵکی بەدەست نایەکسانییەوە دەیانناڵاند، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەدوای شۆڕشەکە خەم وناخۆشی کۆتایی پێهات وژینی تاڵ بڕایەوە، ئینجا ئاماژە بۆ گەورەترین دەسکەوتی دەکا کە روخانی رژێمەکەیە ، وەک دەڵێت :

ئیعلانی حوکمی تازە بە جمهوورییەت کرا کوردو عەرەب شەریکە بەشن هەروەکو برا[خەزنەدار, ٢٠٠٦، ٣٨٨]

پاشان دێت باسی ئەو سەربەستی و ئازادییە دەکات کە لە دوای شۆرشەکە بەدەیهات ، وەک دەڵێت :

کوێ ئارەزوو ئەکەی بچۆ جاسوس و ترسی گرتن و لێدان و شەق نەما
سەربەست و دڵنیا ئێتر نەما ژیانی زەلیلانە ، ژینی تاڵ [عەبدولواحید ,٢٠٠٨، ٤٨٨]
ئەمجا بنوو بەبێ خەم و بێ ترس و بێ خەیاڵ

پاشان وەک کوردێکی دڵسۆز دڵخۆشی خۆی بۆ شۆرشەکەو سەرکردەکەی دەردەبرێت ودوعای خێری بۆ دەکات بۆ تۆڵەسەندنەوە لە زاڵمان ، وەک لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت :

خۆش موژدە بێ منیش تاماوە لەلەشا ڕۆحەکەم ڕەبی بژی بەسوودەوە بۆ خاکی نیشتمان
ئەم دوعایە بۆ ( عبدالکریم قاسم)ی باوکی هەژار ئەکەم بۆ تۆڵەسەندنی گەلی مەزلوم و ناتەوان [عەبدولواحید ,٢٠٠٨، ٤٨٨]

**2-2-2: ڕەفیق حیلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) :** ڕەفیق حیلمی وەک هەر دڵسۆزێکی تری میللەتەکەی و ڕۆشنبیرێکی هوشیاری سەردەمەکەی، دڵی زۆرخۆش بووە بە هەڵگیرسانی کودەتا سوپاییەکەی چواردەی تەمموزو

فەرمانڕەوایی (عبدالكريم قاسم)، بۆئەمەش ڕیزێک شیعری نوسیوە , ئەگەرچی دەمێک بوو لە شیعرنوسین کەوتبوو , بۆیە رووی دەمی لە گەلی کورد کردووەو داوای لێ کردوون بەئەرکی خۆیان هەستن وخزمەت بە شۆرش بکەن، وەک لەشیعری (بەبۆنەی شۆڕشی مەزنەوە)[حیلمی، ١٩٥٨، ٥٤] دەردەکەوێت ، کە بۆ پیرۆزبایی ئەم ڕووداوە نووسیویەتی و خۆی بە تاوانبار زانیوە کە لەئاستی گەورەیی ڕووداوەکە نەبووەو ئەرکەکانی سەرشانی کە شۆرش بۆی دیاریکردوون جێبەجێ نەکردووە ، وەک دەڵێت :

کوردەکان !هەستن بەجارێ ئیمڕۆ ڕۆژی خزمەتە — مل لە کۆتەو دەس لە زنجیرا نەماون فرسەتە
ڕۆژی ئازادیی هەڵات ووابەسەرچووڕۆژی ڕەش — بێتوو وریا بین لە دەست ناچێ ئیتر ئەم نیعمەتە
ساڵەها بوو گەل لەژێر پێوەندو کۆتەی دیلییا — بیری ڕزگاری نەما ڕاهات بوو بەم زیللەتە
ئەوکەسانەی ناوی خۆیان نابوو دەستەی حاکمان — قەت نەیانزانی کە قەومێ کوشتنی زۆر زەحمەتە.[ساڵح ، ٢٠١٨، ٢٤١]

ئەو قسە ڕاست و بەجێیانەی شاعیر لێرەدا دەیڵێت هەر لەخۆیەوە نەهاتوون ، بەڵکو لە ئاکامی دڵسۆزییەوە هەڵقولاون و زۆربەی خەڵکی عێراق چاوەڕێی بوون ، ئەوەتا دەڵێت : وریا بن ئەم هەلە لەدەست مەدەن , کەچی هەلەکە هەر لەدەست چوو ، بۆیە شاعیر دەڵێت :

نایەوێ ئیتر بڵێم زوڵمێ نەما نەیکەن خەڵک — وڵەییکی هەر ئەسەن خوا چونکە کاتی ڕەحمەتە[خەزنەدار, ٢٠٠٦ ,٤٣٠]

شاعیر ڕاست بۆ مەسەلەکە چووە , چونکە ئەوەی زۆرداری دەکا چۆن بیر لەوە ناکاتەوە کە کردەوەی خراپ هەمیشە سەر ناگرێ, دەبێ ئەوەشمان لەبیربێ : ئەوەی دەڵێ هەڵگیرساندنی شۆڕش لە پارێزگاریکردنی ئاسانترە ڕاست دەکا , لەبەر ئەوەیە زۆربەی ئەو شۆرشانە خۆیان دەخۆنەوە [خەزنەدار, ٢٠٠٦ ,٤٣٠] .

هەر لەبەرەبەیانی ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشەکەو دەنگدانەوەی نەمانی ڕژێمی پاشایەتی لەعێراق، شاعیر وەک ڕەشە بایەکی سەرسوڕهێنەرو تاساو هەواڵی شۆرشەکە وەر دەگرێت و بە پەرۆشەوە ئەو ڕۆژانە یاد دەکاتەوەو دەڵێت :

بەیانیەک لەخەو هەستام — خەوم دیبوو ، خەوی بەسام
لەپڕ وتیان وەسی کوژرا — سەرم سورما، هەم حەپەسام
فەرەی کوڕم هەڵ ئەپەڕێ — ئەیوت بەغدا و ڕوژاوە ... ئاڵای شۆڕش هەڵکراوە .[ساڵح ، ٢٠١٨، ٢٤١]

شاعیر لەشیعرێکی ترو هەر لەبارەی هەمان بابەت وڕووداوەوە نووسیویەتی و دەڵێت :

ئۆخ چەند شیرین بوو ئەو دەنگە — دەنگی ئێستگەی چواردەی تەمموز
ئەڵێم ساڵ دوازدە مانگ خۆزگە — تەمووز ئەبوو بەڵێ تەمووز
جومهورییەت کە گەل هەبوو — بۆ ئەم ئامانجە بەرزە بوو
ساڵەهای ساڵ وردو درشت — خوێنی گەرم وگەشی ئەڕشت
قووتابی مامۆستا ئەفسەر — گەلی عێراق پاکی یەکسەر
بەشەوو بەڕۆژ بەبێ ووچان — تووی شۆڕشیان بۆئەچان [خەزنەدار, ٢٠٠٦ ,٤٣١]

بێگومان ئەو شیعرانەی شاعیر لەو ڕۆژگارانەدا ڕەنگدانەوەی هەست ونەستی زۆربەی خەڵکی عێراق بوون ,

شاعیر لەبابەت گەورەیی ئەو ڕووداوەوە دەڵێت: ((خۆزگە ناوی هەموو مانگەکانی دیکەی ساڵ ون دەبوون وتەنیا تەمموز دەماییەوە , چونکە ئەم بەسەرهاتە گەورەی لێ ڕووی داوە)) [خەزنەدار, ٢٠٠٦ ,٤٣٠].

**3-2-2 : گۆران(١٩٠٤-١٩٦٢):** گۆرانی شاعیر بەحوکمی ئەوەی کەلەو سەردەمە وەک چالاک وانێکی سیاسی و بەشداربووێکی چالاکی گۆڕەپانی سیاسی ئەو وەختە لەزیندان بووە ، یەکێک بوو لەو شاعیرە کوردانەی زۆرترین شیعری بۆستایش وپێداهەڵدانی ئەم کودێتا سوپاییەی چواردەی تەمموزی بەغدای ووتووە, چونکە لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووەو لەسەر باری سیاسی تووشی چەندین ئازارو ئەشکەنجە بووە، بۆیە لەچرکەساتی ڕووداوەکەوە پێشوازیەکی گەرمی لە ڕووداوەکە کردووەو لەلیریکێکیدا بەناوی (لەزیندانا چواردەی تەمموز)[خەزنەدار, ٢٠٠٦, ٦٠٥] کە لەناو بەندیخانەی بەعقوبە نووسیویەتی، شاعیر هەستی پەنگخواردووی ناو دڵ ودەروونی بەو چەند دێرانە دەردەبرێت و دەڵێت :

دەنگێکی دوور، دوور ئێجگار دوور بەئاستەمێک ئەگاتە ژوور

پاشان دەڵێت :

له لێشاوی غەلبە غەلبا بانگێکی دا گوێچکەم (با) :
(رژێمی جومهووری بژی) خەو ئەبینم جەمهوری چی؟ نە , خەو نی یە
.. شایلۆغانی جومهووری یە ئەم دەنگە مژدەی دووریی‌یە! [ مەلا کەریم, ١٩٨٠، ٢٨١]

شاعیر ئەگەرچی لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕش لە بەندینخانە بووە , بەڵام گوێبیستی هات وهاواری خەڵکی بووە بەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی کۆتایی پێهاتووەو حکومەتێکی کۆماری جێگەی گرتوتەوە , لەسەرەتادا وەک خەوێک ئەم ڕووداوەی هاتوتە بەرچاو بەڵام دواتر لەوە تێگەیشتووە کەئەمە خەون نییە ڕاستیە، بۆیە هاتووە لەشیعرێکیدا بەناوی چواردەی تەمووز ، بەم شێوەیە هەستی خۆی دەردەخات و دەڵێت :

تۆ ئاسۆی ئاواتی گەلی! تۆ خۆشترین کاتی گەلی! سەرەتاو هۆی
تۆ بەرەی خەباتی گەلی! هاتی گەلی!
تۆ هەڵهاتی , شەو دوایی هات... چواردەی تەمموز! چواردەی تەمموز!
ڕۆژی گەلی عێراق هەڵهات ... بژی شۆڕش, بژی خەبات ...
روناکی کەوتە ڕووی وڵات... چواردەی تەمموز, چواردەی تەمموز! [ مەلاکەریم, ١٩٨٠، ٤١٤]

لێرەدا شاعیر باس لە هیواو ئاواتی گەل وئەو خۆشی وشادیە دەکات کە بەهۆی شۆڕشی چواردەی تەموزەوە بەدی هاتووەو ناخۆشی ونەهامەتییەکانی گەلی عێراقی پێ کۆتاییی هات ، میللەت کەوتە ناو ژیانێکی ڕووناکی کەمەبەستی ئازادی و خۆشییە.

**4-2-2 : ئەخۆڵ(١٩١١-١٩٨٨):** ئەحمەد دەروێش عەبدوڵلای شاعیر لەڕووی سۆزی کوردایەتییەوە وەک هەر یەکێک لە شاعیرە هەست ناسک و پرلە جۆش وخرۆش و خۆشەویستی بۆخاک و نیشتیمان پشتگیری ئەو گۆڕانکارییانەی کردووە کە لەدەسەڵاتی عێراقدا ڕوویداوە, بەتایبەتی دوای شۆڕشی١٤ تەممووزی١٩٥٨ , ئەمەش لەم شیعرەیدا ڕەنگیداوەتەوە کە بۆئەو پێشهاتە نووسیویەتی، وەک بانگی ئازادی و دڵخۆشی بە هاتنی ئەو شۆڕشە کە بەدوو بەندی جیا وێنەی ژیانی میللەتی کورد دەنەخشێنێ ، سەرەتا باسی نەهامەتییەکانی کوردی پێش شۆڕشەکە دەکات و دەڵێت :

مناڵ بووم بیرمە مێژووی کوردستان وەک سەرگوزشتە وەکو داستان
لەبیرمە چلۆن بوو بە وێرانە بە گوللەو تۆپ و بۆمبای بێگانە
کران بەداراو خرانە زیندان [خەزنەدار، ٢٠٠٦، ٢٢٢]

لەبیرمە چەن لاو چەن
قارەمانان

لەبەندی دووەمیش کە باسی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشەکە دەکات، چۆن لەسایەی ئەو شۆڕشەوە ئازادی وسەربەستی بەدی هاتووەو گەلی کورد لەژێر سێبەری ئەو شۆڕشدا بەمافی خۆی گەیشتووە ، وەک دەڵێت :

ئەمڕۆ پاش دەنگی (الله اکبر) گوێم لە دەنگێ بوو وەکو شێری نەڕ
ئەی نەڕان پڕ دەم پڕ دەشت پڕ بەئاسمان و پڕ هەموو دونیا
وچیا دەنگێک پڕ ئەزرنگایەوە وادی بە وادی
نەعرەو بانگی ئازادی ڕاپەڕن لەخەو خەوی چەند ساڵان
ئەی ووت: ئەی گەدا دیل پاش ساڵەهای ژین بەنامرادی[عەبدوڵلا، ١٩٨٤، ١٠٩]
وسەرگەردان
وەرنە ژێرسایەی داری
ئازادی

شاعیر لێرەدا لەو ئازادییە دەدوێت کە شۆڕشی١٤ی تەمموزی١٩٥٨ لەگەڵ خۆی هێنای ، کە ئەو بەیانیە لە ڕادیۆی بەغدا بە سرودی عەرەبی (الله اکبر) چراندنی هەواڵی شۆرشەکەی بەخەڵکی ڕاگەیاند، ئەمەش وەک بەراوردکردنێک لەنێوان ژیانی خەڵکی عێراق و کوردستان پێش ئەنجامدانی شۆڕشەکەو دوای شۆڕشەکەش ، کە چۆن گۆرانی بەسەرداهات و میللەتی خستە ناو ژیانێکی پڕ لەخۆشی وکامەرانی و ئازادی ، دیارە ئەمەش بۆچوونی زۆربەی هاوولاتیانی گەلانی عێراق بوو.

**2-2-5 : محەممەد ساڵح دیلان(١٩٢٧-١٩٩٠)**: دیلانیش وەک زۆربەی شاعیرانی تر یەکێک بووە لەو شاعیرە بەجەرگانەی کە چەندین شیعری بۆ ئەو شۆرشە وتووەو هەولی سەرکەوتن وچەسپاندنی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەبەرەبەیانی جاڕدانی شۆرشەکە شیعرێکی بەناوی (چواردەی تەمموز) بۆ ڕووداوەکە نووسیوەو لەئێستگەی دەنگی بەغدا خوێندرایەوە ، وەک تیایدا هاتووەو دەڵێت :

بریقەی شیرە یا ئاسمانە ئیمرۆ نەڕەی شێرە وەیا لاوانە ئیمرۆ
چریکەی ڕۆژەکەی شادی ولاتە وەیا کاتی لەخەوهەڵسانە ئیمرۆ
تەپ و تۆزی نەبەردی ڕاپەرینە وەیا خۆڵی هەرەس هێنانە ئیمرۆ
لەبن هێنانی دەستەی گەلفرۆشە وەیا گرمەی ڕمانی ژانە ئیمرۆ[ئاگرین, ٢٠١٣, ٢٣ ]

شاعیر لەم دەقەدا هەستی خۆشی وشادی خۆی بەرامبەر بەشۆڕشی١٤ی تەمموز دەر دەبڕێ و تیایدا ئازایەتی و نەبەردی خەڵک نیشانددا، بەوەی کە لەبەرامبەر زۆرداری دوژمن چۆکی دانەداوەو خۆڕاگر بووە تاسەرکەوتنی بەدەستهێناوە ، هەروەها لە شیعرێکی دیکەیدا ، کە هەر لەو ساڵەو بۆ ئەو ڕووداوە نووسراوەو دەڵێت :

بۆم بخوێنە ئەی بولبولی ئاوارە بەستەی دڵی , سەرمەست وگەشکەدارە
بەستەی دڵی , پڕ لە تریقەو مەستی کاتی (لە هاویندا بەهارە)
هەستە ئاسمان بووک و ئاوێنەکەی نزارە[ئاگرین, ٢٠١٣, ٢٣٤ ]
بەستەی کاتی , چیمەن
بەفەرشۆیە

شاعیر لێرە کە دەڵێت : (بۆم بخوێنە), مەبەست لێی بانگەوازی بەرپابوونی شۆرشەو دامەزراندنی کۆماری عێراقە, لەو شیعرەدا شاعیر باس لەخۆشی وشادی خەڵکی عێراق دەکات بە کوردو عەرەبەوە, لەراستیدا وەرزی هاوین ئەگەر چی خۆی گەرمە , بەڵام شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە هاوین بەلای ئەو بەهۆی ئەو پێشهاتەوە بووەتە بەهار, دیارە مەبەستی شۆرشی١٤ی تەممووزە, هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە بەهار هەمیشە

سەوزو خۆشیەو بەبۆنەی ئەو شۆرشەوە دونیا هەمووی بووەتە بەهار، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە شۆرشەکە وەک رەمزێکی ئاشتی وئازادی وپێکەوە ژیان و بەدەستهاتنی مافەکانی گەل پێشوازی لێکراوەو هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگای ئاسوودە کردووە ، بۆیە لای ئەو رۆژگار هەمووی بووەتە بەهار ، واتا ئازادو سەربەستن .

**6-2-2: کاکەی فەللاح (١٩٢٨-١٩٩٠):** وەک چۆن رووداوەکانی شۆرشی چواردەی تەمموز کاریگەری دیاری لەسەر گشت تاکەکانی کۆمەڵگا بەجێهێشت و بەتایبەتیش شاعیران و ئەدەب نووسان ، کاکەی فەللاحیش بەدوور نەبوو لەو شاعیرانەو رووداوەکانی شۆرش وایان لێکرد کە شیعر بۆئەم بابەتە بنووسێ, بەتایبەتی دوای بیستنی روخانی رژێمی پاشایەتی، کە رەمزی چەوسانەوەو نا دادپەروەری بوو ، شاعیر لەیەکێک لە شیعرەکانیدا دوای هەستکردن بە ئازادی و رزگاربوون لەو ستەمەی لە گەل ومیللەت و ئازادیخوازان دەکرا ، بەم جۆرە ئاهو حەسرەتی پەنگخواردووی ناو دڵی خۆی دەردەکات و لە شیعری (ئۆخەی)دا بەم شێوەیە دەڵێت:

مژدە بێ ئەی خوشک و برا ئالای ئازادی هەڵکرا
دەزگای جمهوری دانرا پاشایەتی پێشێل کرا
ئۆخەی , ئۆخەی گەلم لە تەوقی دیللی ئازادە
شادە بارەگای شا یی پێچایەوە
هێزی مەرد هاتە
کایەوە

لە کۆتاییدا دەڵێت :

هاتۆتەدی خەوێ خۆشم بۆیە وا شادو دڵخۆشم
هەر تێرنابێ هەست ئای چەن بەتاسەو پەرۆشم
وهۆشم پەپوولەی سەرگوڵی سوورم [شاعیر,٢٠٠٤ , ٨٢-٨٤]
دڵم شادە، لەخەم دوورم

شاعیر لێرەدا مژدەی ئەو ئازادییە دەدات کە بەهۆی ئەو شۆرشەوە هاتۆتەکایەوە , هەروەها رایدەگەیەنێت کە رژێمی پاشایەتی کۆتایی پێ هاتوو رژێمی کۆماری جێگای گرتەوە، بۆیە لەجێی خۆیەتی کە گەل ومیللەت بەو گۆران کارییە شاگەشکە بێت وهەست بەخۆشی وشادی بکات ، چونکە بە مافی خۆی گەیشتووە .

یان لەشیعرێکی تردا کە بەبۆنەی تێپەربوونی ساڵێک بەسەر شۆرشەکەدا هاتووە ، دێت یادی ئەو رووداوە مێژوویی وکاریگەرە دەکاتەوە کە بەهۆیەوە میللەت لەدەست زۆردارو ستەمکارو کۆنە پەرستان رزگاری بووەو چوەتە قۆناغێکی تری ژیانی ئازادی وسەربەستی، هەروەها چەوسانەوەو زۆرداری نەماوەو میللەت مافی خۆیەتی هەست بەئارامی بکات و بەئارامی بژیت ، بۆیە هاتووە پەسنی ئەو گەلەی دەکات کەتا ئێستا و ئەوەندە ساڵە خۆراگر بووە وەک تیایدا هاتووەو دەڵێت :

ئەی ئەو گەلەی ساڵەهای ساڵ رێگای خەباتی پڕ درک وداڵ بوو
لەبۆتەی سزاو مەینەتا قاڵ بوو لەناکاو بەسەر دوژمنا زاڵ بوو

یان دەڵێت :

ئەو گەلەی کەوا دوێنێ ژێردەست شەوی ژیانی تاریک و پەست بوو
بوو ئەو دیلەی دوێنێ ئەمرۆ سەربەست بوو
هۆی ئیستیعمارو کۆنەپەرست بوو

تا لە کۆتاییدا دەڵێت :

ئەو گەلەی دەردی دیلی چەشتووە خوێن و ئارەقی زۆری رشتووە
دەستەی ناپاکی بێ گۆڕ ناشتووە هەتا بەم رۆژەی خۆی گەیشتووە

چۆن نەڵێ خاکم کرد بە گۆڕستان          بۆ پیلانگێڕو کۆنەپەرستان[ بنەماڵەی شاعیر,٢٠٠٤, ٨٥-٨٦]

یان لەو شیعرەی کە دوای ساڵەکەو هەر لە یادکردنەوەکەیدا دێت بەهەمان شێوە باسی ئازایەتی و نەبەردی ئەو سوپایە دەکات کە توانی نۆکەرانی وڵات لەناو ببات و دەڵێت :

کێ بوو لە تاریکی شەوا          لەسەردەمی شیرین خەوا
بۆ گەلی دیل و بێ نەوا          بو بە پێشمەرگەو پێشەوا
کێبوو بۆ ژینی سەربەستی          گیانی خۆی خستە سەردەستی
بەرەو ئەو نیازەی بەستی          وتی : نامەوێ ژێر دەستی

ئینجە لەکۆتاییەکەیدا دەڵێت :

کێیە وێردی سەرزمانە          جگەر سۆزە قارەمانە
ئازاد کەری نیشتمانە          حەقی زۆری لەسەرمانە[ شاعیر,٢٠٠٤ , ٨٧-٨٨]

**2-2-7 : مەدحەت بێخەو (١٩٣٤- ؟)** : بەرپابوونی شۆڕشی(١٤)ی تەمووزی ساڵی(١٩٥٨)، دژ بە ڕژێمی پاشایەتی وهاتنی ڕژێمێکی نوێ بەناوی ڕژێمی کۆماری بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم) ، قۆناغێکی نوێ بوو بۆ گەلانی عێراق ، بۆیە بەم بۆنەیەوە دوو ڕۆژ دوای بەرپابوونی شۆڕشەکە لە (١٩٥٨/٧/١٦) بێخەو شیعرێک دەنووسێت لەژێر ناوی : (شۆڕشی١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) و دەڵێت: سەداو دەنگی شۆڕش لەلایەن کەسی مەردەوە مژدەی ئازادی وسەرفرازی وڕووناکی بۆ ژیان هێناو مژدەی نەمانی تاریکییەو مژدەی هەڵهاتنی خۆری ڕووناکیی جمهوریەتە ، ئەمڕۆ ڕۆژێکە بۆتە شادی و گۆڤەند بۆ میللەت ، سوپای پاڵەوان وتێکۆشەر قەڵای دوژمنیان ڕماند ، ئیتر تاریکایی و زوڵم وستەم بەسەرچوو ، وەک دەڵێت :

سەدای نەعرەتەی مەردانە          موژدەی ئازادی ژیانە
موژدەی تاریکی نەمانە          موژدەی سوپای قارەمانە
موژدەی خۆری جەمهوریەتە          ڕۆژی گۆڤەندی میللەتە
سوپای نەبەردو پاڵەوان          قەڵای پاشایەتی ڕمان [بێخەو ، ٢٠١٧، ٩٠]

بێخەو لە شیعرێکی دیکەدا کە ئاراستەی گەلی کردووە ، موژدەی شادی وسەربەستی وئازادی وهاتنی جەژن بەچینی هەژاران ونەمانی ئیستیعمار دەدا، هەروەها بە ڕۆژی ڕاپەڕین وهەڵمەتبردن بۆسەر دوژمنان دادەنێت ، بۆیە ڕایدەگەیێنێت کە ئەو شۆڕشە بووەهۆی ئەوەی کە داگیرکەران وخوێنمژان بخەنە ژێرگڵ :

موژدە ئەی گەل موژدەی شادی          موژدەی سەربەستی و ئازادی
          موژدەی نەمانی (ئیستیعمار)
موژدەی جەژنی چینی هەژار          ڕۆژی ڕاپەڕین و هەڵمەت
موژدەی ڕۆژی جەمهوریەت          خوێنمژانی نایەژێر هەرد[بێخەو ، ٢٠١٧، ٩٢].
هێزی سوپای ئازاو نەبەرد

لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت : با هەموومان یەکرێزو یەکگرتوو یەک بڕیار بین وفیداکاربین بۆئەم شۆڕشە ، بۆیە دەنگی بەرز دەکاتەوەو سوپاسی ئەنجامدەرانی دەکات ودەڵێت: بژی بۆ جمهوریەت و بۆ سوپای دڵسۆز, وەک دەڵێت:

با گشت یەک **ریزو** بڕیار بین          بۆ ئەم خۆرە فیداکار بین
بژی جمهوریەتی پیرۆز          لەژێر ئاڵای سوپای دڵسۆز [بێخەو ، ٢٠١٧، ٩٣].

هەربەبۆنەی ئەو شۆڕشەوەو ساڵێک دوای ئەم ڕووداوە ، لەشاری (کۆیە)و لەڕۆژی (٧/١٤ /١٩٥٩)، لە شیعرێکیدا بەناوی (بۆ یەکەم یادی شۆڕشی١٤ی تەمووز) دەڵێت : ئەی ئەو شۆڕشەی کە سوپاو میللەت ئەنجامتاندا

یەکسانیتان هێنا، زوڵم وستەمتان لەناوبرد، بووە مایەی نەمانی دوژمنان، هەروەها ئەم شۆڕشە جەژنی بۆگەل هیناو بووەمایەی شادی وخۆشی بۆ هەزاران، جائەی دلێرانی نیشتیمان یەکگرتوو یەک بن، زووکەن بۆبەدەستهێنانی مافی چارەنووس، وەک دەڵێت :

| | |
|---|---|
| ئەی شۆڕشی سوپاو میللەت ... | حوکمی یەکسان |
| یادی لەناو بەری زیللەت ... | شادی ژیان |
| یادی ڕاپەڕین وهەڵمەت ... | نەیار قڕان |
| ئەی تێکدەری ڕژێمی بۆگەن و زۆردار | جەژنی گەل چواردەی گەلاوێژ شادی هەژار |
| ئەی دلێرانی نیشتیمان ... یەک بن هەموو | بەرەو لووتکەی چارەنووسمان سەرکەون زوو [بێخەو، ٢٠١٧، ١١٧-١١٩]. |

کەواتە ئەو شیعرانەی کە لەلایەن شاعیرانی باشووری کوردستان لەکاتی هەڵگیرسان و لە ڕۆژانی ئەنجامدانی شۆڕشەکەو ڕۆژگاری ڕووبەڕوو بوونەوە نووسراون و بۆ جۆشدانی ئەم شۆڕشە هاتووەتەکایەوە ، هەرهیچ نەبێ تێشووی دەربرین و تامەزرۆی ئەو هەستە پەنگخواردووەی نا دڵ و دەروونی شاعیرانە بۆ ئەو ڕووداوە گەورەو کاریگەرییە دەربردراوە کە هیچ نەبێ هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەونانەی کە چەندین ساڵە میللەتی کورد خەونی پێ دەبینێ و هەوڵی بۆ دەدا تاکو بەدەستی بهێنێ ، چ جای ئەوەی کە بارودۆخەکە لەبارو گونجاو بوو بۆ ئەنجامدانی ئەو شۆڕشە .

## ئەنجامەکان:

پاش خستنەڕووی لایەنەکانی ئەو باسەو نیشاندانی نموونەی گونجاو بۆدەرخستنی ناوەڕۆکی باسەکە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە :

١- شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی١٩٥٨ یەکێکە لەو شۆڕشانەی کە ڕەنگدانەوەو دەنگ دانەوەیەکی گەورەی لە ژیان و گوزەرانی باری ئابووری وسیاسی وکۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری گەلانی عێراقدا هەبوو، کاریگەرییەکەی تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت هەرماوەو وەک هەوێنێک بۆ هەموو ساتەکانی ژیانی خەڵکی عێراق لەبار بووە بۆ گۆڕین و گۆڕانکاری و هێنانەکایەی مافەکانی خەڵکی ستەمدیدە .

٢- ئەم شۆڕشە هەروا لە خۆیەوە نەهاتۆتەکایەوەو بەبێ بنەما ئەنجام نەدراوە ، چونکە کۆمەڵێک هۆکاری ناوەخۆیی ودەرەکی پاڵنەربوون بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی بەدەستهات، کە گۆڕینی شێوازو سیستێمی حوکمڕانی بوو لە پاشایەتی بۆ کۆماری .

٣- ئەگەرچی ئەم شۆڕشە لەلایەن کۆمەڵێک ئەفسەرو سەربازی سوپای عێراق لە ساتەوەختێکی لە بارو گونجاو ئەنجامدرا، بەڵام هەروا بەبێ هۆکاروبارودۆخ بەدەست نەهات ، بەڵکو لەئەنجامی بوونی ئەوستەم وزوڵم و زۆرداریەی بنەماڵەی پاشایەتی بەرامبەر بە ئازادیخوازان وشۆڕشگێران وکەسانی ڕۆشنبیر ئەنجامیانداوە هاتووەتە کایەوە، ئەمە جگە لەبوونی حیزب وڕێکخراوەو لایەنی سیاسی وەک : حیزبی شیوعی عێراقی وحیزبی ئیستیقلال وپارتی دیموکراتی کوردستان لەگۆڕەپانی سیاسی ئەو کات کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ زوو بەئەنجامگەیاندنی شۆڕشەکەو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی .

٤- شاعیرانی باشووری کوردستان لەدوای هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە، وەک تاکێکی ناو کۆمەڵگاو وەک نووسەرو شاعیریش، بەشدارییان لەم شۆڕشەدا کردووە ، بەوەی کە زۆربەی شیعرەکانیان لەپێش و لە پاش شۆڕشەکەش بۆ یادکردنەوەو پێداهەڵدانی بەشداربووانی شۆڕشەکە بووە، هەروەها خۆشیان لەناو زیندانەکان و لە دەرەوەی زیندانیش چ بەئاشکراو چ بە نهێنی شیعریان بۆ ئەو شۆڕشە نووسیوەو هەوڵیانداوە تووی خەبات و ڕاپەڕین و بەرگری لە هزرو بیری خەڵکدا بڕوێنن ئەمەش هانی شۆڕشگێڕو ئازادیخوازەکانیان داوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو زوڵم و ستەمەی لەسەردەستی ڕژێمی پاشایەتی چێشتوویانە، چونکە شیعرە سیاسی

و بەرگرییەکانیان ڕێخۆشکەرو هاندەربووە بۆ ئەنجامدانی شۆڕشەکەو گەیاندنی میللەت بەمافەکانی.

## سەرچاوەکان:

**ا : کتێب :**


- ئاگرین، عەبدوڵڵا, (١٩٩٦) ، شیعری سیاسی کوردی لەباشوری کوردستان (١٩١٨-١٩٣٠) , چاپی یەکەم , هەولێر.
- ئاگرین , عەبدوڵڵا(دکتۆر)، (٢٠١٣)، دیوانی شیعری محەمەد ساڵح دیلان , چاپی دووەم , چاپخانەی چوارچرا , هەولێر .
- الحمداني, حامد، (٢٠١٢)، چەند لاپەڕەیەک لەبارەی مێژووی نوێی عێراق و, :شەماڵ ئەحمەد ,چاپی یەکەم, چوارچرا, سلێمانی.
- بنەماڵەی شاعیر, (٢٠٠٤)، دیوانی کاکەی فەلاح , چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ , سلێمانی .
- (بێدار)، جمال حبيب الله,(٢٠١٣)، دەروازەی شیعرناسین, چاپی یەکەم, چاپخانەی نارین هەولێر.
- حمه شریف, هاوکار کریم،(٢٠١٢)، شۆڕشی ئەیلول, چاپی یەکەم, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین .
- خەزنەدار, مارف(دکتۆر)، (٢٠٠٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی, چاپی یەکەم , بەرگی شەشەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر .
- خەزنەدار, مارف(دکتۆر)، (٢٠٠٧)، مێژووی ئەدەبی کوردی, چاپی یەکەم , بەرگی حەوتەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر .
- خۆشناو، شوان محەمەدئەمین تەها, (٢٠١٢)، هەولێر لەنێوان سالانی (١٠٥٨-١٩٦٣), چاپی یەکەم , چاپخانەی رۆژهەلات , هەولێر
- رسول, شوکریە (دکتۆر), (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب, چاپی یەکەم ، مطبعة (تعليم العالي) , هەولێر .
- ساڵح، مەجید، (٢٠١٨) ، ڕەفیق حیلمی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی .
- عەبدوڵڵا ، ئەحمەد دەروێش , (١٩٨٤) ، دیوانی ئەخۆل , چاپی یەکەم , ( ب ، چ) ،سلێمانی .
- عەبدولواحید, ئازاد، (٢٠٠٨) ، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح, بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم , چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر
- کاروانی، بەکر شاکر، (٢٠٠٤), عەلی فەتاح دزەیی- شاعیرو نووسەرو تێکۆشەر , چاپی یەکەم , وەزارەتی ڕۆشەنبیری , هەولێر.
- لازاریف، ن ، (٢٠١٠) , مێژووی کوردستان, وەرگێرانی: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی , چاپی دووەم , چاپخانەی رۆژهەلات , هەولێر .
- مار، فیلبی، (٢٠١١)، مێژووی نوێی عێراق و : حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەویز,, چاپخانەی ڕۆژهەلات , هەولێر .
- مەلاکریم, محمد ،(١٩٨٠)، دیوانی گۆران, بەرگی یەکەم, چاپخانە کۆڕی زانیاری عێراق, بەغدا
- محمد، دلشاد علی،(د) وکەسانی دی, (٢٠١٧)، زمان وئەدەبی کوردی, دوازدەی ئامادەی, چاپی دوازدەهەم, المستقبل , بەیروت .
- وەهبی، نازەنین محەمەدو کەسانی دی, (٢٠١٢)، مێژووی نوێ و هاوچەرخ , پۆلی دوازدەی ئامادەیی, چاپی هەشتەم , چاپخانەی دار لوبنان ، بەیروت .


**ب : نامەی ماستەر :**


- صالح ، شیلان تاهیر, (٢٠٠٨) ، کۆیە لەنێوان سالانی (١٩٥٨-١٩٧٥)دا, نامەی ماستەر, بەشی مێژوو, کۆلیژی زانستە کۆمەلایەتییەکان , زانکۆی کۆیە.
- قادر، مهدی محمد, (٢٠٠٤)، پەرەسەندنە سیاسیەکان لەکوردستانی عێراق١٩٤٥-١٩٥٨, نامەی ماستەر, کۆلیژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەدین
- مەجید ، هەوراز جەوهەر, (٢٠١٢) ، شاری سلێمانی لە(١٤ی تەمموزی ١٩٥٨-١٧ی تەمموزی ١٩٦٨), نامەی ماستەر, بەشی مێژوو, کۆلیژی ئەدەبییات , سەلاحەدین .
- محەمەدشەریف ، هۆشەنگ ساڵح, (٢٠٠٧)، بزاڤی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥), نامەی ماستەر, بەشی مێژوو, کۆلیژی ئەدەبییات , سەلاحەدین .


**ج : گۆڤار :**


- حیلمی، ڕەفیق , (١٩٥٨) ، بەبۆنەی شۆڕشی مەزنەوە, گۆڤاری هەتاو, ژمارە/٣ .
- محەمەد، دڵشاد عەلی، (٢٠٠٠) و محەمەد فازڵ مستەفا ، شیعری سیاسی کوردی لەکرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا ١٩٤٥-١٩٥٨، کۆواری زانکۆ، ژمارە/١٠.

# دور شعراء الكورد جنوب الكوردستان في ثورة 14 تموز 1958 في العراق

**بكر شاكر عبدالله/** قسم اللغة الكوردية،كلية التربية الأساس،جامعة صلاح
الدين–أربيل،أقليم كوردستان،العراق
bakir.abdullah@su.edu.krd

**ملخص**

ان هذا البحث (دور الشعراء الكورد (جنوب كردستان) في ثورة 14 تموز 1958) , هي محاولة لمناقشة تأثير الثورة على شعب كردستان العراق و دور الشعراء الذين شاركوا فيها سواء كانوا ثوارا أو كتابا , والهدف منه : تعريف القارئ الكردي بكيفية انبثاق الثورة والمراحله والطريقة التي مروا بها في كيفية القيام بها ، مع تحديد دور ابناء شعب الكوردي في جنوب كردستان ومنهم الشعراء الذين شاركوا فيها , لان تأثير هذه الثورة كان بارزا وموثرا على حياة الشعب الكوردي عاماً والساحة السياسية في كوردستان العراق خاصاً ؛ يتكون هذا البحث من المقدمة وجزئين مع بيان الاستنتاجات , في جزء الأول والتي يتكون من المبحثين , في الأول : يتناول تاريخ انبثاق الثورة ، مع مراعاة الوضع السياسي والاداري قبل الثورة وكيفية إنهاء نظام الحكم الملكية وتحديد العوامل الداخلية والخارجية التي أدت إلى بزوغ الثورة ؛ في المبحث الثاني : يتحدث عن دور ونضال الأمة الكردية في كيفية الانطلاق و المشاركة فيها ، كمشاركة الأحزاب السياسية وكافة طبقات وفئات شعب كردستان، ثم الإنجازات التي تحققت منها ؛ والجزء الثاني: يتكون أيضاً من مبحثين, في الاول: يناقش الشعر ومكانته في الحركات السياسية ، كمفهوم الشعر وتعريفه وموقعه في المجالين السياسي والاجتماعي، اما في الثاني: يحدد دور شعراء الكورد في هذه الثورة , حيث تم اختيار عدة شعراء , مبينا فيها بأمثلة ونماذج من شعر السياسي والثوري و المقاومة ؛ أخيرا تم ذكر النتائج و المصادر المستخدمة فيها في عدة نقاط .

الكلمات المفتاحيية: الشعراء الكورد،الثورة، 14 تموز ، شعر الدفاع، النظام الملكي.

## The Role of Southern Kurdistan Poets in the July 14th 1958 Revolution

**Bakir Shakir Abdullah**/ Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
bakir.abdullah@su.edu.krd

**Abstract**

The role of Southern Kurdistan poets in the July 14th 1958 revolution is an attempt to discuss the impact of the revolution on the people of Iraqi Kurdistan and the role of the poets who participated in it, whether as revolutionaries or as writers.

The aim is to familiarize the Kurdish reader with how the revolution emerged and the stage and method they went through in how to carry it out, and determine the role of the people of South Kurdistan the poets who participated in it, because they left a great impact on the lives of the Kurdish people in general and its political aspect;

The first part consists of two topics: first, it deals with the history of the revolution, taking into account the political situation before the revolution and how to end the monarchy, and identifying the internal and external factors that led to the revolution; In the second topic, they discuss the role of the Kurdish nation in its participation, such as the participation of political parties and all different classes of Kurdistan, then the achievements achieved; The second part is divided into two parts. The first part deals with poetry and its place in political movements, such as the concept and definition of poetry and its position in the political and social fields. The essence of the discussion is the names of the poets who each participated in several poems, then we have selected several poets and given examples of poetry; Finally, the results and sources used are mentioned in several points.

**Key words:** Kurdish poets, Revolution and Revolution, 14th July, Defense Poetry, The Monarchy